Kongra Netewiya Kurdistan
Kurdistan National Congress
Congrès National du Kurdistan
KNK
Rue Jean Stas 41 1060 Bruxelles tel: 00 32 2 647 30 84 fax: 00 32 2 647 68 49
Homepage: www.kongrakurdistan.com e-mail: knk@kongrakurdistan.com

www.Kurdistannet.org

# ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆبونەوەی کۆنسەی بەڕیوەبەر

## "خولی سێیەمین ، کۆبونەوەی سێیەمین ، ١٩/ ٢٠٠٣/٤"

کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان کۆبونەوەی ئاسایی خۆی بە ئامادەبونی سەرۆك و ئەندامانی کۆنسە پێکهێنا. کۆنسە بە تایبەتی لە سەر ڕەوشی باشوری کوردستان و عیراق دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس ڕاوەستا . کۆنسە جارێکی تریش پیرۆزبایی خۆی پێشکەشی گەلانی کوردستان و عیراق دەکا بە بۆنەی تێکشکان و هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی سەدام حوسێنەوە.

کۆنسە ئەم ڕوداوە وەکو دەرفەتێکی سیاسی لە بار دەنرخێنێ بۆ گەلی کوردستان ، کە دەبێ بە شێوەیەکی کارامە و باش بەکار بهێنرێ . کۆنسە یەکێتی هێزەکانی گەلی کوردستان بە تەنها ڕێگە دادەنێ بۆ پاراستن و پێشڤەبردنی ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کورد.

هەر هەڵوێستێك بۆ تێکدانی ڕیزەکانی گەلی کوردستان بە هەر هۆیەك و لە هەر لایەکەوە بێت نەك تەنها جێگەی قەبوڵ کردن نیە بەڵکو بە هەموو شێوەیەك دەبێ ڕەت بکرێتەوە ، بۆیە ئەمرۆ لە هەمو کاتێ زیاتر بەرپرسیارێتی مێژوویی و نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی هێزە سەرەکییەکان.

پرۆسەیەکی سیاسی دوور و درێژ و پر لە دژواری و کۆسپ و تەگەرە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ لە عیراقدا دەستی پێکردووە . تەنیا بە لە بەرچاوگرتنی سیاسەتێکی نەتەوەیی کوردستانیی گەلی کورد لەم بەشەی وڵاتەکەماندا دەتوانێ پرۆسەی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی و فیدیرالی لە عیراقدا پێکبێنێ.

کۆنگرەی نەتەوەیی بە هەموو تواناکانێوە پشتگیری لە هەوڵی گەلی باشوری کوردستان دەکا بۆ دامەزراندنی عیراقێکی فیدیراڵ و دیموکرات .

کۆنسە هەمو لایەك ئاگادار دەکاتەوە لە هەوڵ و پیلان و هەڵوێستە دوژمنکارییەکانی دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و سوریا بەرامبەر ماف و دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان و داوا لەو دەوڵەتانە دەکات کە بەو هەڵوێستانەیاندا بچنەوە و پەند و عیبرەت وەرگرن لە ئەزمون و ڕوداوەکانی عیراق و گۆڕانکاری دیموکراتی لە سیستەمەکانی خۆیاندا پێکپێنن پێش ئەوەی ناچار بکرێن ئەو کارە ئەنجام بدەن .

کۆنسە پێی وایە مەترسیەکان لە نێونەچون بۆیە بە پێویستی دەزانێ سەرنجی هەموو لایەك بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابکێشێ:

١. پێویستە دیالۆگ لە نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا بۆ دارشتنی ستراتیژێکی نەتەوەیی بەردەوام بێ بە تایبەتی لە نێوان هێزە سەرەکییەکاندا ( پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆنگرەی ئازادی و دیموکراتی کوردستان ).

*Kongra Netewiya Kurdistan*
*Kurdistan National Congress*
*Congrès National du Kurdistan*
KNK

*Rue Jean Stas 41   1060  Bruxelles  tel: 00 32 2 647 30 84   fax: 00 32 2 647 68 49*
*Homepage:* www.kongrakurdistan.com     *e-mail:* knk@kongrakurdistan.com

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت

٢. بە هێزکردنی پێگە و رۆڵی پەرلەمانی کوردستان و پێکهێنانی گۆرانکاری بەرچاو لە زهنیەت و کۆمەڵگەی کوردیدا و بەهێزکردنی پێگە و رۆڵی  ژنان لە کوردستاندا.
٣. پێکهێنانی ستاتویەکی سیاسی بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لە ژێر چاودێری رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکاندا .
٤. داننان بە ماڤ نەتەوەیی و سیاسی و کولتوری گەلانی ئاسوری و کلدانی و تورکماندا .
٥. رەخساندنی ئازادی و زەمینەی خەبات و چالاکی سیاسی بۆ هەموو هێزە سیاسییەکان لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا .

**کۆنسە لە هەموگەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکان و کەسایەتی و رۆشنبیران داوا دەکا رۆڵی نەتەوەیی خۆیان لەم کاتە مێژووییەدا بگێرن و هەڵوێست و کاردانەوەی خۆیان بە راشکاوەیی دەرخەن لە دژی هەر ناکۆکییەکی نێوخۆیی و هەرەشە و گوروشەی دەرەکی دەوڵەتانی ناوچەکەدا.**

**کۆنسە داوا لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەکا ماف و ستاتوی کورد لە هەمو پارچەکانی کوردستان لە بەر چاو بگرێ . هەروەها بانگی یەکێتی ئەوروپا دەکا رۆڵی خۆی ببینێ لە سیاسەتێکی هاوبەشدا بۆ چارەسەرییەکی دیموکراتی دۆزی گەلی کوردستان .**

هەروەها کۆنسە بە شێوەیەکی هەمەلایەنە لە سەر کار و خەباتی بیرۆ و کۆمسیۆنەکانی کۆنگرە راوەستا و پلان و پرۆژەی ئامادە کرد بۆ کار و خەباتی داهاتوی .

کۆنسەی بەرێوەبەری

کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان